


# یاداشتێک دەربارەی پێنج نامیلکەی فیکریی وەلید عومەر

## ڕوشدی جەعفەر

وتار، هزر

ماڵپەڕی ژنەفتن ٢٠٢١

jineftin.krd

**دەستپێك**

ئەمە یاداشتێكی كورتە دەربارەی ئەو زنجیرە نامیلكە فیكرییەی ***وەلید عومەر*** كە لەمدواییانەدا پێنج دانەیان بڵاوبوونەوە (كێشەی تاك،كێشەی فۆرم و ناوەڕۆك،كێشەی واقیع و فەنتازیا،كێشەی ژۆرنالیزم و كێشەی تەكنەلۆژیا). مەبەستی سەرەكی و ناواخنی نامیلكەكان لەبارەی "پرۆبلەماتیزەكردن و بەكێشەكردن"ی كۆمەڵێك چەمك و دیاردەیە. ئەگەرچی ئەم چەمكانە لە ڕۆشنبیریی كوردیدا بە بەربڵاوی بەكاردێن، بەڵام هەوڵی تیۆریزەكردنی چڕوپڕ و هەمەلایەنیان نەدراوە. ئەم نامیلكانە، ئەم چەمكە باسكراوانە بۆ كۆتا پنتی لۆژیكی خۆیان ڕادەكێشن و شیمانە تیۆرییە ڕێتێچوو و مومكینەكانیان دەپشكنن. بە هیوام ئەم پرۆژەیە لە داهاتووشدا بەردەوام بێت و سەركێشیی فیكری تریشی بەدوادابێت بۆ بەكێشەكردن و تیۆریزەكردنی كۆمەڵێك پرس و چەمكی تریش (ئەوەندەی ئاگاداریش بم ئەم زنجیرەیە لە فۆرمی تردا بەردەوام دەبێت و لە كۆمەڵێك چەمك و كێشەی تریش دەكۆڵێتەوە). وەكئەوەی لە خودی ناونیشانەكانیاندا دەیبینین، مەرامی پشت ئەم پێنج نامیلكەیە ئەوەیە بە شێوەیەكی ڕەخنەیی مامەڵە لەگەڵ ئەم چەمكانەدا بكات و بە بێباكی بەسەریاندا تێنەپەڕێت؛ واتە بەكێشەكردن وەك دەرگیربوونێكی ڕۆشنبیرانە. ***سلاڤۆی ژیژەك*** لە بۆچوونێكی چڕكراوەدا وەها ئەركی فیكر و فەلسەفە دەخاتە ڕوو: "پێموایە ئەركی فەلسەفە بریتی نییە لە وەڵام بەخشینەوە، بەڵكو نیشاندانی ئەوەیە چۆن ئەو شێوازەی بەهۆیەوە لە كێشەیەك تێدەگەین دەكرێت خۆی كێشەدار بێت". لەم سۆنگەیەوە، ئەم نامیلكانە چەمكی "كێشە" قووتدەكەنەوە و، دەیكەنە تەوەری گشتی هەموو باسوخواسەكان، چونكە شێوازی داڕشتن و ڕوانین لە كێشەیەك خۆی بەشێكی سەرەكی بیركردنەوەیە لێی؛ ئەو بیركردنەوەی هەندێجار پێی دەوترێت "بیركردنەوەی حەقیقی". ئەگەرچی هەر نامیلكەیەك - كە لە ڕاستیدا زیاتر و بە تایبەت "كێشەی تاك" خۆی لە فۆرمی كتێبدایە- لەگەڵ كێشەیەكی جیاوازدا دەرگیرە، بەڵام كۆمەڵێك خاڵی هاوبەش لەنێوان شێوازی دەرگیربوون لە هەموویاندا هەیە. لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا چەند هێڵێكی گشتی پێنج نامیلكەكە دەخەینەڕوو، واتە ئەم یاداشتە ئاوڕدانەوەیەكی خێرا و گشتییە لە شێوازی دەقەكان نەك پەرژانە سەر تاك بە

تاك دەقەكان و ئایدیا و ئەرگومێنتەكانیان، بەو هیوایەی خوێنەر خۆی بگەڕێتەوە بۆ ئەم پێنج نامیلكەیە و، خۆی دەرگیری باسوخواسە تەرحكراوەكانیان ببێتەوە.

**یەكەم** :میتۆدی ئیشـــەكان ســـوودی لە كایە جیاوازەكان وەرگرتووە؛ فەلســـەفە، دەروونشـــیكاری و ئەدەب و هتد. فرە كایەییش نەك تەنیا خزمەت بە ڕووونكردنەوەی ڕەهەندە جۆراوجۆرەكانی چەمكێك یان دیاردەیەك دەكات، بەڵكو خودی دیاردەكەش لە بەشبەشكردنی پسپۆڕانەی هاوچەرخ ڕزگار دەكات. هەر ناساندنی ئیشـەكان خۆی بە "فیكری" ئاماژە بەوە دەكات، بە كۆمەكی كایە جیاوازەكان هەوڵی تێگەیشتن لە چەمكە یونیڤێرســـاڵەكان بدرێت و هاوكات پەیوەندی و پچڕانە تراوماییەكانی نێوان گلۆباڵ و لۆكاڵیش بخرێنە بەر باس. نووســـەر خۆیشـــی پێشـــتر لە چەند جێیەكی تردا بەكورتی پەرژاوەتە سەر گرفتی "فیكر" و تیۆریزەكردن. فیكر، بە جۆرێك لە جۆرەكان، بریتییە لە "مافی قســـەكردن و وردبووونەوە" لەبارەی دیاردە و ڕووداوەكان لە دەرەوەی پســـپۆڕییەكی دیاریكراوەوە- كە مەرج نییە هەمیشـــە دیاردەی گرنگ یان ڕووداوی وەرچەرخێنەر یان پرسێكی باڵا بن، بەڵكو دەكرێت شتانێكی تەواو لاوەكی و پەراوێزی و نزم بن، وەكوو شـــرۆڤەی ***ژیژەك*** بۆ شـــێوازی تەوالێتە فەرەنســـی، ئەڵمانی و ئینگلیزییەكان و بەســـتنەوەیان بە پرســـی ئایدیۆلۆژیاوە؛ ژیژەك باوەڕیشـــی وایە دەبێت هەموو كونج و كەلەبەرەكانی ژیانی ڕۆژانە تیۆریزە بكەین. بە دەربڕینێكی تر، فیكر بە مانا جێ مەبەســـتەكەی ئێرە خودی كایەكان لە داخراویتی و تاكڕەهەندی ڕزگار دەكات. هەڵبەت بە ڕەچاوكردنی ئەو ڕاســـتییەی وا لە كوردســـتاندا نە كایەكان وەك كایەی ســـەربەخۆ دروســـتبوون و بەكردەیی ســـەرپێكەوتوون و نە تیۆر و قوتابخانە فەلســـەفی و بگرە ئەدەبییەكانیش جێكەوت و فامكراون، ئەوا ئیشـــی "فیكر" ئیشـــێكی چەندقات سەركێشانەتر و هەستیارترە. لە لایەكی دیكەوە، هەر ئەمەشە وادەكات فیكر لای ئێمە وەرگەڕێتە ســـەر "نامە"یەك كە نازانرێت چۆن و كەی دەگات، گەیشـتن وەك تێگەیشـتن، دیالۆگ، جێكەوت، بەرخوردی تاكەكەســـی و لێكەوتە دەستەكۆییەكانیشـی. ئەم پێنج نامیلكەیەش نامەیەكن و بەو هیوایەی خوێنەرانی فیكر هەوڵی دەستڕاگەیشـتن و دەرگیربوون بدەن لەگەڵیاندا و، چیتر دەقە جدی و فیكرییەكان بەئاگایانە و نائاگایانە فەرامۆش نەكرێن .

**دووەم**: دەرگیربوون (engagement)ی تیۆری خـەســـڵـەتی جیاكـەرەوەی ئـەم نووسینانەی ***وەلید عومەر*** و كۆی نووسینەكانی پێشتریشیەتی. دەرگیربوون بە هەردوو

مانا زمانییەکەی، واتە هەم خۆخەریکردن بە بابەتێك و هەم دژوەستانەوە و بەرەنگاری کردنیشی؛ چەشنە شەڕ و دەستەویەخەبوونەوەیەکی زەینی. ئەگەر ئاماژە بە میتافۆرێکی وەرگیراو لە نووسەر خۆیەوە بکەین، دەرگیربوون جۆرێکە لە "کەشێکی سۆفیانەی فۆرماڵ"[1]: بۆ کەسی بیرکەرەوە، کردەی هزرین دیوێکی سوبێکتیڤی تۆخی هەیە، تەنیا چەمکەکان شرۆڤە ناکات، بەڵکو لەگەڵیاندا دەژی. بۆ نموونە، ئەم پێنج بڵاوکراوەیە لە ماوەی دوو ساڵێکدا نووسراون و داڕێژراونەتەوە و سەربارکراون. لە لایەکی تریشەوە، نووسەر پێشتریش بە تایبەت لەڕێی وەرگێرانەوە زەمینەیەکی لەباری بۆ خوێنەریش ڕەخساندووە تاوەکو ئەویش "دەرگیر"ی ئەم باسوخواسانە بێت. بۆیە وەکچۆن نووسین دەرگیربوونێکی ماندوونەناسانە و پشودرێژ و بیرکەرەوە و تیاژیاو دەخوازێت، بە هەمان شێوە خوێندنەوەش پێویستی بەوەیە خوێنەرەکە ببێتە "سۆفییەکی پشودرێژ و فۆرماڵ" تا ئایدیاکان بەگۆشت و خوێنەوە هەرس بکات.

لە دیوێکی تریشەوە، هەر کامێك لەم نامیلکانە "دەرگیربوونێکی ڕۆشنبیرانەیە بە کێشەکەوە نەك شرۆڤەیەکی سیستەماتیك و فێرکاری"[2]. ئەمەش ئەو مانایە دەگەیەنێت لێرەدا خەریکبوون لە پێناو خستنەڕووی کۆمەڵێك زانیاریی گشتی و سادە نییە، کە خوێنەر دەتوانێت بە ئاسانی لە سەرچاوە جیاجیاکانی تر بە دەستیان بهێنێت، بەڵکو ڕێك بە پێچەوانەوە بە مەبەستی پێداچوونەوە و تێهەڵچوونەوەیە بەو زانیارییە بەردەستانە. مەرامی پشتەوەی ئیشەکان پێدانی کۆمەڵێك زانیاری بێ ڕەپت نییە، بەڵکو دۆزینەوەی هێڵە لکێنەرەکانی نێوان زانیارییە بەشەکییەکان و دەستوەردانێکی تیۆری چالاکانەیشە لە واقیعدا. بە گوزارشتێکی تر، کۆی نووسینەکان جۆرە وەفادارییەکن بۆ "حەقیقەت" دژ بە "فاکتگەرایی" و "فاکتپەرستیی ژۆرنالیستی". ئەم جۆرە نووسینەی لەم پێنج نامیلکەیەدا دەیخوێنینەوە لە ڕاستیدا جۆرێکە لە دژە-نووسین؛ کەشفکردنی ئیمکان و زەمینەی چەمکەکان، هەم لە پەیوەندییان بە یەکتر و هەم ڕۆچوونێکی تیۆری لە تاك بە تاکیاندا.

**سێیەم**: ئاڵۆزیی ڕوونکەرەوە. ئەگەر چاوێك بە ڕۆژنامە و چاپکراوە و فەزا ڕۆشنبیرییە گشتییە کوردییەکاندا بخشێنین، سەرمان دەسووڕمێت لەو شتەی دەتوانین پێی بڵێین "بەفیڕۆدانی وشە". ئەم هیچ نەوتنە تەواو خاڵییە لە هەر ماتەوزەیەکی

---

[1]بڕوانە کورتە وتاری "سۆفیی گۆشەی چەمکەکان..."، لەم لینکەوە، https://negativegroup.org/item.php?id=435

[2]کێشەی واقیع و فەنتازیا، وەلیدعومەر، چاپی یەکەم 2021، زنجیرەکتێبی ڕێکخراوی ئازادبوون، لا ١٠

داهێنەرانە، بۆ نموونە وەك ئەو بۆشایی و هیچێتی و بێدەنگییە خەلاقەی لای **بێکێت** هەیە، هەروەها پەیوەندی بەو ناڕوونییە ناونشینەشەوە نییە کە لە خودی زمانی مرۆییدا هەیە، بەڵکو سادەگۆیی ژۆرناڵیستی و ڕاکردنە لە تیۆر- بە ناوی ڕاکردن لە ئاڵۆزییەوە. ئاڵۆزی خۆی لەخۆیدا نە نیشانەی بیرکردنەوەیە و نە نیشانەی بەدحاڵیبوونیشە، بەڵام ئەو ڕاستییە نکۆڵی لێنەکراوەش هەیە وا بیرکردنەوە ناتوانێت خاڵی بێت لە ئاڵۆزی؛ واتە ئەگەر ئاڵۆزییەك لەم دەقانە هەبێت- بۆ ئەو کەسانەی ڕەنگە ئاشنا نەبن بە زمانێکی تیۆری تۆکمە- ئاڵۆزییەکە لە هەناوی دەرگیربوون و بیرکردنەوەوە هەڵقوڵاوە؛ ئاڵۆزییەك کە خزمەت بە ڕوونکردنەوەی کێشە و چەمکەکان دەکات بە پێچەوانەی سادەگۆیی ڕووکەشانە کە ناتوانێت کێشە سادەکانیش ڕوون بکاتەوە و جۆرێکە لەو شتەی جاران لە قوتابخانەدا پێی دەوترا "ئینشای عام". ئەو قوتابیانەی عەرەبیان نەدەزانی، ئەم ئینشا (داڕشتن)ەیان لەبەر دەکرد و لە تاقیکردنەوەدا پرسیاری داڕشتن لەسەر هەر بابەتێك هاتبایەوە، ئەوان "ئینشا عام"ەکەیان دەنووسی و "دەریش دەچوون".

بیرکردنەوەیەك کە لە سەرنجێکەوە دەستپێدەکات و ئینجا سەردەکێشێت بۆ سەرنجگەلێکی تر و لەناو قاڵبێکی تیۆریشدا دادەڕێژرێت، سەرەنجامیش کۆمەڵێك ئایدیای چکاوە دەخاتەڕوو. هەر لەم سۆنگەیەشەوە یەکێك لە نامیلکەکان دەپەرژێتە سەر کێشەی ژۆرنالیزم وەك کارگەی بەرهەمهێنانی هەم سادەگۆیی عەوامانە و هەم تەمومژسازیی بێهودەش؛ بەڵام ئێمە پێویستمان بە هزر و زمانێکی ئاڵۆز هەیە بۆ ئەوەی لە فریوەکانی سادەیی تێبگەین. ئاڵۆزیی بیرکردنەوە لە بنەڕەتیشەوە جۆرێك لە ئاڵنگاری و بەرەنگاری بەرامبەر دۆخە کوردییە باڵادەستەکەش تێدایە، وادیارە بەنیسبەت بارودۆخی ئێمەوە زمان نەك تەنیا ماڵی بووونە بەڵکو زمان ماڵی بەرەنگاری و بەرهەڵستی نواندنیشە؛ جا ئاخۆ کاریگەرییە گشتییەکەی ئەم بەرەنگارییە چۆن دەبێت ئەوە شتێکی ترە. سادەکردنەوەی کوردانەی کێشەکان درێژەدانە بە وێرانە مەعریفییەکان، بۆیە خوێنەری ئەم دەقانە بۆ نموونە واباشە تەنیا پەلەی ئەوەی نەبێت ئاخۆ فۆرم چییە، بەڵکو تەرکیزیش بخاتە سەر کۆی گەشتە مەعریفییەکە، کێشەکە لە ئاڵۆزی و کۆیەتی و فرەڕەهەندی خۆیدا ببینێت. بۆ نموونە هەر لەگەڵ بیستنی چەمکی فۆرم ڕەنگە زۆربەمان خەیاڵمان بۆ پرسی فۆرم و فۆرماڵیزم لە ئەدەبدا بچێت، بەڵام نووسەر وێڕای ئەوەش بە وردی دەپەرژێتە سەر کێشەی فۆرم لە دەروونشیکاری و فەلسەفەشدا کە ڕەنگە بۆ زۆرێك لە خوێنەران باسێکی نوێ بێت. بەم جۆرە، ئەو شتەی

پێی دەڵێین "ئاڵۆزیی ڕوونکەرەوە" ئاماژە بۆ مامەڵەکردنێکی هەمەلایەنە دەکات لەگەڵ کێشەکاندا؛ ئاڵۆزییەك کە ڕوونکەرەوەیەکی حەقیقییە بۆ ئەو کەسانەی دەرگیری دەقەکە دەبن نەك تەمومژسازییەکی ناپێویست. بۆیە لەم دەقانەدا تەنیا گریمانە سەرەتاییەکان و دەرەنجامەکان گرنگ نین، بەڵکو کۆی هەنگاو و لادان و وردە تێبینییەکانیش گرنگن؛ ئەو شتانەی ڕەنگە وەك لادان لە باسەکە دەربکەون، لە ڕاستیدا بەشێکی سەرەکی و کڕۆکی باسەکە پێکدەهێنن. هەر خودی وشەی "کێشە" لە ناونیشانی هەموو نامیلکەکاندا، ئاماژەیە بۆ دابڕان لە بەرخوردی عەقڵی باو لەگەڵ پرسەکاندا، قووتکردنەوەی ڕەهەندە نەبینراو بەڵام کێشەساز و گرنگەکانە. خێچکردنەوە و دەستکاریکردنی گۆشەنیگا باوەکانە. تەنانەت لە هەندێك جێگەدا هەست بەوە دەکەین لەپاڵ تێما سەرەکییە بەرباسەکان، دەکرا بابەتە بە ڕواڵەت لاوەکییەکانیش زیاتر شیکرابانەوە و درێژەیان پێدرابا، بەڵام لە بەرەنجامی "دڵڕەقییەکی تیۆری"دا وەستێنراون.

**چوارەم**: پرسی لۆکاڵ و گلۆباڵ وەك چوارچێوەیەکی گشتی دەقەکان. ئەم پرسە پەیوەستە بە کێشەیەکی فەلسەفیی گەورەتریشەوە کە "کێشەی گشت و بەش"ە. لەم دەقانەدا هەم بە ئاشکرا و هەم ئاماژەگەرایانەش حسێب بۆ تراوما و کەلێنی نێوان لۆکاڵی کوردی و گشتی جیهان (یان دەقیقتر، جیهانگیری) کراوە. بۆ نموونە وێڕای پرسیاری ئایا ژۆرنالیزم خۆی چییە؟ ئەم پرسیارە پەیوەندیدارەش هەیە ئایا دیاردەیەکی جیهانی وەك ژۆرنالیزم بۆ کۆمەڵگای کوردی چی پێیە؟ ئایا ئیمکانەکانی تاکگەرایی بۆ کۆمەڵگای ئێمە چۆن دەشکێنەوە؟ لە هەناوی ئەم پرسیارانە و بگرە لە کۆی دەقەکاندا پرسیارێکی شاراوە هەیە: ئایا ئێمەی کورد لە کوێی "گشت"ی جیهانیداین؟ ئایا پەیوەندی و پچڕانەکانی نێوان لۆکاڵ و گلۆباڵ چین و چۆن تێیان بگەین؟ ئایا گلۆباڵ چی بەسەر لۆکاڵدا دەهێنێت؟ و هتد. سەرەنجامیش هەر ئەم خودئاگاییە مێژووییە دەتوانێت ڕەوتە پێچەڵپێچ و لە زۆرباردا "نامێژوویی"ەکەی کورد شرۆڤە بکات[3]. ئەم ئاگاییە دەرهەق بە لۆکاڵ/گلۆباڵ لەبەر چەند مەرامێکە: خۆلادان لە فریو و بریقوباقی چەمکەکان لە خۆرئاوادا؛ نەکەوتنە ناو ئەبستراکشنکردن و دابڕان لە "واقیعی کوردی" و هتد. بگرە گەڕانەوەی نووسەر بۆ ڕۆشنبیرێکی وەك **مەسعود محەمەد**یش

[3] نووسەر خۆی لە جێیەکی تردا، بە گەڕانەوە بۆ تێزەکانی داریوش شایگان لەبارەی "هاوکاتیی ئاستەکانی ئاگایی"ەوە پێیوایە دۆخی ئێمەی کورد لە جیهاندا جۆرێکە لە "هاوکاتیی ناهاوکات"، خوێنەر لەمیانەی خوێدنەوەی ئەم دەقانەدا ئاشنای دیوە جیاجیاکانی ئەم خودئاگاییە ڕۆشنبیرانەیە دەبێت.

گەڕانەوەیە بۆ کەسێك کە ئەگەرچی لە لۆکاڵدا بیریکردۆتەوە یان بیری لە لۆکاڵ کردۆتەوە بەڵام دەستی بە خودئاگاییەکی وەها ڕاگەیشتووە کە "بەڕێککەوت" و بەبێ ئەوەی ***مەسعود محەمەد*** خۆی ئاگاداری بێت دەیبەستێتەوە بە ئایدیا یونڤێرساڵەکان و چەمکە فەلسەفییەکانیشەوە. بێ مەلامەت نییە نووسەر پێشتریش لە چەندین جێی تردا پەرژاوەتە سەر پرسی خێڵ و مۆدێرنە و بابەتە پەیوەستەکانی دیکەش (چاوەڕێی ئەوە دەکەین لە داهاتووشدا نووسەر لە گۆشەنیگای ترەوە بگەڕێتەوە بۆ ئەم کێشانە، وەکچۆن پێشتریش پەرژاوەتە سەریان). بۆیە ئەم "ژێست"ی گەڕانەوەیە بۆ یەکێکی وەك ***مەسعود محەمەد***، گەڕانەوەیە بۆ کەسێك کە بەبێ ئەوەی بانگەشە بۆ مەتریاڵیزم بکات وەك کەسێکی "مەتریاڵیست" دێتە بەرچاو. ئەم ئاوەژووکردنەوە ژیرەکییەکەی مەسعود محەمەد لەلایەن نووسەرەوە مانای ئەوە دەگەیەنێت: گرنگ نییە خۆت چی دەڵێیت بەڵکو ئەوە گرنگە بەکردەیی و بە ڕەچاوکردنی کۆی جیهانبینی و هەلومەرجە مێژووییەکە چیت وتووە؛ درزی نێوان سوبێکتی دەربڕین و سوبێکتی دەربڕاو.

نووسەری ئەم دەقانە خۆی، بە پێچەوانەی مەسعود محەمەد، دەرگیری بیرکردنەوەیە لەناو مێژووی بیرکردنەوە یان نەریتی فیکریدا. نەریت بەو مانایەی ئایدیا و چەمك و مەنزومە فیکرییەکان مێژووییەکی دیاریکراویان هەیە، ڕەخنەکراون و درێژەیان پێدراوە، و کۆمەڵێك بیریار لە پشتیانەوە وەستاوە. بە مانایەکی تر، لەم قۆناغەی هزری مرۆییدا و بە حوکمی ئەوەی ئایدیاکانیش خۆیان سەرووشتێکی گەردوونیان هەیە، بیرکردنەوە لە دەرەوەی مێژووی بیرکردنەوە کەموکوڕ و بگرە مەحاڵ و دۆنکیشۆتانەش دەگیرسێتەوە. هەر لێرەوە تێبینی ئەوە دەکەین نووسەری ئەم پێنج بڵاوکراوەیە لە دوو دیاردەی کورتهێن خۆی پاراستووە؛ پیادەکردنی ڕاستەوخۆی چەمکە خۆرئاواییەکان و ڕۆچوون لە تەئەمولات و تێرامانی نامێژوویی و دەرە-مێژووی هزر: "بیرکردنەوە لە لۆکاڵ گرنگە بەڵام بەبێ ڕەهەندێکی گەردوونی سەردەکێشێت بۆ چەقبەستن و گەنین و کۆنەپارێزی؛ وەکچۆن بەو دیوەی تریشدا ونبوون لە یونیڤێرساڵدا تووشی نامۆبوونت دەکات"[4]. نووسەر هەوڵی داوە لەنێوان چەمکە گەردوونییەکان- کە بە زۆر هۆکاری ڕوون و ئاشکرا لە خۆرئاواوە بەرهەمهاتوون- و تێرامانی ناونشین هێڵێکی داهێنەرانە بدۆزێتەوە. ئەم هێڵە ناونشینە شێوازێکی تری ئەو شتەیە کە ***موراد فەرهادپوور*** پێی دەڵێت "وەرگێڕان-بیرکردنەوە"

---

[4]کێشەی تاك، وەلید عومەر، چاپی یەکەم 2021، زنجیرەکتێبی ڕێکخراوی ئازادبوون، لا 199

بەڵام لە بواری نووسین خۆیدا، هەروەها بەو مانایەش کە ئەم کێشانەی لێرەدا باسکراون تەنیا لەبەر کۆمەڵێك مەرامی شەخسییەوە باس نەکراون، بەڵکو لە سۆنگەی مێژوومەندی و زەروورەتی مێژووییەوە لێیان کۆڵراوەتەوە.

**پێنجەم**: بێجگە لەو چوار خاڵەی سەرەوەدا، لەم پێنج دەقەدا کۆمەڵێك پرسی سەنتراڵی دیکەش هەن تەنیا ئاماژەیان پێدەکەین: پرسی سوبێکت و سوبێکتیڤیتە وەك یەکێك لە خولیا سەرەکییەکانی نووسەر؛ "ئایدیا"ی فیکری، بە مانای دۆلۆژییەکەشی، واتە بەو مانایەی ئایدیا بەرهەمێکی تاقانەیە و لە بیرکردنەوەوە بەرهەمهاتووە، تەنیا ئەو شتە ناڵێیتەوە کە وتراوە بەڵکو ئیزافەی خۆیشتی دەخەیتە سەر؛ ستایلە دەرگیرکەرەکەی دەقەکان، ستایلێك کە نەك تەنیا هەندێ شتمان پێ دەناسێنێت، بەڵکو ناسین و زانینە پێشوەختەکەشمان "لەئاشنایی دەخات" و درزی تێدەکات. ئەم ستایلە ئاشتیشمان دەکاتەوە بە چێژی خوێندنەوە و چێژی زمانیش. کۆتا خاڵیش، کە لە ڕاستیدا دەبووایە لە سەرەتادا باسمان کردبا، ئەو شتەیە کە دەتوانین پێی بڵێین "بیرکردنەوە لە کۆنتێکست"دا، واتە لەبەری خۆ هەڵواسین بە کۆمەڵێك کلێشەی بەناو پێشکەوتنخوازانە و ڕزگاریخوازانە بەڵام بەکردەیی ئەبستراکت و عەقڵی باوئاسا و ژۆرنالیستی، لە سیاقە کوردییە داهێزراوەکەدا مانا و لێکەوتەکانیان دەپشکنێت. پێموایە ئەم "بیرکردنەوەیە لە کۆنتێکست"دا[5] هەندێجار بۆ کەسانێك بەدحاڵیبوون دروست دەکات. بۆ نموونە کەسانێك هەن بە شێوەیەکی ئەبستراکت بیر لە پرسی ژن دەکەنەوە، بەڵام کاتێك نووسەرێك، بۆ نموونە نووسەری ئەم نامیلکانە، لە سۆنگەی "بیرکردنەوە لە کۆنتێکست"دا پرسەکە تاوتوێ دەکات، ئەم ڕەخنەگرانە ئەگەر ڕەچاوی ئەم چەشنە هزرینە نەکەن ئەوا وەها نیشانی دەدەن کە ئایدیا تەرحکراوەکە شتێکی دژەپێشکەوتن و بگرە دژەژنیشە. بەڵام سەرەنجام بیرکردنەوەی حەقیقی نابێت لەوە بسڵەمێتەوە کە لە کاتی خەباتە ڕاست و ڕاستگۆیانەکەی بۆ ڕزگاری و ئازادی، ناو و ناتۆرەی دژە-ئازادی و دژە-ڕزگاری بدرێتە پاڵ (ئەگەرچی پێموایە خاڵی دەستپێکی ئەم پێنج نامیلکەیە ئەوەیە: ئەگەر ***مارکس*** دەیویست فەلسەفە و فەیلەسوفان لە لێکدانەوەی جیهانەوە بپەڕنەوە بۆ گۆڕینی جیهان، بەڵام وەك ***سلاڤۆی ژیژەك*** دەڵێت لەم سەردەمەدا دەبێت تێزەکەی مارکس ئاوەژوو بکەینەوە و بڵێین: فەیلەسوفان تا ئێستا- لە سەدەی نۆزدە و بیست- هەوڵی گۆڕینی جیهانیان داوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئیدی پرسەکە لێکدانەوە

[5] بیرکردنەوە لە کۆنێکستدا دەکرێت جۆرێك بێت لەو "خێچ ڕوانین"ەی ژیژەکیش باسی دەکات .

و شرۆڤەکردن و لێتێگەیشتنێتی. ئەم پێنج تێکستەش ئەم ئەرکە تیۆرییە دەخەنە سەرشانی خۆیان و هەوڵ دەدەن لەم جیهانە تێبگەن و شرۆڤەی بکەن- ئەمەش ئەو ئەرکەیە کە زۆرجار بە ناوی شۆڕشگەرایی و جەختکردنەوەی ناماقوڵ و ناواقیعی لەسەر "کردە"، یان بە وتەی ***فەرهادپوور*** لەسەر "ئوستورەی پراکسیس"، نادیدەگیرێت). ڕەچاونەکردنی سیاق ڕەنگە کلێشەی بەناو ڕزگاریخوازانە و پێشکەوتنخوازانە بەرهەم بێنێت، بەڵام مەحکومن بەوەی هەر لە ئاستی کلێشەیەکی ئەبستراکت و ناواقیعیدا بمێننەوە.